cyan magenta yellow black File: p.4-5 ﬂ ˙ Æ˝ ” 3



yasinhejahhh@yahoo.com سەرنج و بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:

www.xebat.net
سێ شەممە 2015/6/2 ژمارە (4814)
خەبات

# لە ئەڵمانیا.. کۆڕێک بۆ نەزهەت حالی لە بارەی شۆڕشی گوڵان سازکرا



**ساسان دەرویش/ هۆڵەندا**

لەشاری لود ڤگیسهاڤن، ڕێکخراوی مانهایمی سەر بە سنووری چالاکی لیژنەی ناوچەی فرانکفۆرتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەڵمانیا بەبۆنەی 39هەمین ساڵیادی بەرپابوونی شۆڕشی 26ی گوڵانی کۆڕێکیان بۆ نەزهەت حالی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد کە تیایدا بەڕێز سەرهەد غەفوری کارگێڕی لقی شەشی ئەورووپاو هەڤاڵانی ڕێکخراو خاڵە رزگار کۆیی و هەڤاڵ کەمال خاڵە گەورەو توانا جەزا عەلی کاتب و ژمارەیەکی بەرچاوی هەڤاڵانی دڵسۆزی پارتیمان لە مانهایم و لودڤیگسهافن و کوردانی ئەو شارە لە وڵاتی ئەڵمانیا ئامادەبوون.

### گەڕاندنەوەی هیواو ئومێد

لەدوای بەخێرهێنانی بەڕێز نەزهەت حالی و میوانان، سەرەتای کۆڕەکە بەساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان سەروەریان بارزانیی نەمرو وتنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستپێکردوپاشان بەڕێز نەزهەت حالی لە باسێکی چڕوپڕدا بە پشتبەستن بە مێژووی سەروەری پارتیمان و نزیکی لە شۆڕش وەک پێشمەرگەیەک و بەشداربوونی خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەشی لە هەردوو شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان ئاماژەی بەشۆڕشی گوڵان و سەروەرییەکانی کرد کە لە دوای پیلانێکی نێودەوڵەتی و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی تەمەن چواردە ساڵە شۆڕشی گوڵان وەڵامێک بوو بۆ ناحەزانی کوردو داگیرکاران کە پێیان وابوو شۆڕش کۆتایی هاتووە، بەڵام بە ڕێنمایی باوکی ڕۆحی کورد مستەفا بارزانیی نەمر و تۆمارکردنی داستان و نەبەردییەکانی قارەمانێتی دەست و تفەنگی پێشمەرگەکانی پارتیمان و بە ورەی ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر، ئومێدو هیوایان بەخشییەوە بەخەڵکی کوردستان لەسەر لوتکەی چیا سەرکەشەکانەوە بە ئامادەبوونی پێشمەرگە و سەرکردە مەسعود بارزانی، توانرا کورد بگاتە قۆناغێکی نوێ و لە ئاکامیشدا ئەم ئازادییەی ئێستای لێ هاتە بەرهەم.

### فراوانبوونی بازنەی شۆڕش

هەروەها باسی لەدەستکەوتەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کردو ڕایگەیاند کەدەستکەوتەکانی ئەمڕۆ بەرهەمی شۆڕش وخەباتی گەلی کوردستان و خوێنی شەهیدانەو پێویستە بەهەموو لایەکەوە بیپارێزین. هەروەها بەڕێزیان تیشکی خستە سەر سەرکردایەتی ئەو کاتەی پارتی و چۆنێتی پلاندانان و پەیوەندیکردن بەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بۆ پشتگیری کردنی شۆڕش و پتەوکردنی، هەموو ئەوانەی کە خەونیان بە شۆڕش و ئامانجەکانیەوە دەبینییەوە بەوانەشی لە تاراوگە و خوارووی عێراق و شارەکانی کوردستان دەژیان، گەڕانەوە ناو شۆڕش، بەم شێوەیەش بازنەی شۆڕش فراوانتربوو.

### گەشتەکانی ئەم دواییەی سەرۆک

لە تەوەرێکی دیکەی کۆڕەکەدا نەزهەت حالی باسی لە سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بۆ وڵاتانی ئەمەریکاو هەنگاریاو چیک و ئوردن کردو بەسەردانێکی مێژوویی و گرنگی وەسفکرد، لەدرێژەی وتەکانیدا بەڕێزیان باسی لە ڕەوش و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کردو شەڕی دژی داعش ئەو شەڕە قورسەی کە بەرۆکی ماڵی کوردی گرتووە، ئاماژەی بە ڕۆڵی جەنابی سەرۆک بارزانی کرد. هەمەئاهەنگی لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و جیهان تەوەرێکی دیکەی کۆڕەکە بوو... ئەمەو کۆڕەکە نزیکەی سێ کاتژمێری خایاند و زۆر لە کەش و هەوایەکی کوردانەو پارتیانەدا کۆتایی بەکۆڕەکە هات، لە بەرامبەریشدا نەزهەت حالی سوپاسی هەڤاڵانی پارتیمانی کرد بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یادی شۆڕشی 26ی گوڵان و هەموو هەڤاڵانی ناوچەش و بەتایبەتی ڕێکخراوی مانهایم سوپاسی ئامادەبوونی بەڕێزیان کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ گەلی کورد و سەرۆک بارزانی خواست لەم ئەرکە سەختەی سەرشانی و بەڵێنیشیان دووپات کردەوە کە وەفادارین بەرامبەر خوێنی شەهیدان و ڕێبازەکەیان بەرنەدەین هەتا بەخەونەکەیان دەگەن، کە ئەویش گەیشتنە بە دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە کە بەپشتیوانی سەرۆک بارزانی و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی، هەنگاوی بۆ دەنرێ و هەر لەسەر دەستی بەڕێزیشیان بە ئاواتی سەرفرازی خۆمان دەگەین.

# ماوەی 27 ساڵە چارەنووسی دەیان منداڵی ونبووی هەڵەبجەی شەهید دیار نییە!

## دایکی یەکێک لە منداڵە ونبووەکان: 27 ساڵە شەو و ڕۆژ چاوەڕێی ئەو ساتەوەختەم دوو کوڕ و کچەکەم بدۆزمەوەو لەباوەشیان بگرم





**هەڵەبجەی شەهید/ یوسف هەورامی**

لەدوای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسی ڕووخاو سەرەڕای کاول کردنی شارەکەو شەهیدبوونی زیاتر لە 5000کەسی بێتاوان و بریندارbوونی بە هەزارانی تر و ئاوارەبوونی تەواوی دانیشتوانەکەی بۆ ئێران، تا ئێستا دەیان منداڵی ونبووی شاری هەڵەبجە نەدۆزراونەتەوە و بەردەوام لەلایەن خانەوادەکانیانەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەیانن.

**بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا چاومان کەوت بە لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەو لەبارەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە بەم شێوەیە بۆمان دواو گوتی:**

سەبارەت بەمنداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە ئێمە وەکو کۆمەڵەی قوربانیان بەردەوام کارمان کردووەو لەهەوڵدا بووین بۆ دۆزینەوەی ئەو منداڵانەو ئەوەی لەتوانامانا بوو بێت کردوومانە لە سەرجەم کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەری وڵاتانی دەرەوەو بەتایبەت دەسەڵاتدارانی ئێران کە بەداخەوە تا ئێستا چارەنووسیان نادیارەو بەپێی ئامارەکان تا ئێستا 35خێزان ناوی خۆیان تۆمار کردووە کە لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەساڵی 1988 منداڵەکانیان ونبووەو ژمارەیان زیاتر لە 70منداڵەو تا ئێستا 8منداڵیان دۆزراونەتەوەو بەخانەوادەکانیان ئاشنا بوونەتەوە، کە دواترینیان زمناکۆ بوو کە لە لایەن خێزانێکی شاری تارانەوە بەخێوکرابوو و لە ڕێگای پشکنینی «DNA» وە توانرا بەخانەوادەکەی شادبێتەوە، ئێستاش بەهەمان شێوە کچێکی تر بەناوی مریەم گەڕاوەتەوە شاری هەڵەبجە کە بەهەمان شێوە لەلایەن خێزانێکی ئێرانییەوە بەخێوکراوەو چاوەڕێی کۆتایی پشکنینەکانین بۆ ئەوەی بزانین منداڵی کام لەو 35خێزانەیە کە منداڵەکانیان ونبووە.

**- مریەم ئەو کچەیە کە لە تەمەنی 8مانگییەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران لەلایەن خێزانێکەوە سەرپەرشتی کراوەو بەخێویان کردووە، تایبەت بەخەبات دواو گوتی:** من ئێستا تەمەنم 27 ساڵەو ئەو کاتەی باوکە ئێرانیەکەم مرد لەو ماڵەی کە بەخێویان کردبووم وتیان تۆ منداڵی ئێمە نیت و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان تۆمان هێناوەو بەخێومان کردوویت، بۆیە ئێستا پێویستە بەدوای کەسوکاری خۆتدا بگەڕێیت و بیاندۆزیتەوە... منیش ئەوە ماوەی دوو ساڵە ئەگەڕێم بۆ ئەوەی کەسوکارەکەم بدۆزمەوە، زۆر سوپاسی کاک لوقمان و کاک ئاراس دەکەم کە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئێستا هاتوومەتەوە شاری هەڵەبجە، خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەندامی خێزانێکی زوڵملێکراوی هەڵەبجە بم، هەموو پشکنینەکانم تەواو کردووە چاوەڕێی ئەنجامەکانم بۆ ئەوەی دوای 27ساڵ بە ئازیزانم شاد ببمەوە.

**مریەم: ئەو کاتەی باوکە ئێرانیەکەم مرد لەو ماڵەی کە بەخێویان کردبووم وتیان تۆ منداڵی ئێمە نیت و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان تۆمان هێناوەو بەخێومان کردوویت، بۆیە ئێستا پێویستە بەدوای کەسوکاری خۆتدا بگەڕێیت و بیاندۆزیتەوە، منیش ئەوە ماوەی دوو ساڵە دەگەڕێم بۆ ئەوەی کەسوکارەکەم بدۆزمەوە**

**دواتر سەبری خان دایکی سێ منداڵی ونبوو بەچاوێکی پڕ لەفرمێسکەوە بۆمان دواو گوتی:**

- لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بە بێ هۆشی گەیەندرابوومە نەخۆشخانەیەکی ئێران و تاماوەیەک لەژێر چاودێری پزیشکدا بووم، کە هۆشم هاتەوە بەر خۆم بینیم کەس نەبوو بەلامەوە، تاکو دوای ماوەیەک توانیم کەسوکارەکەم بدۆزمەوە لە ئۆردوگاکانی ئێران، بەڵام بەداخەوە ئەوە 27ساڵە شەو و ڕۆژ سات بەسات چاوەڕێم کە دوو کوڕ و کچەکەم بدۆزمەوەو لەباوەشیان بگرم، بۆیە داواکارم لە لایەنەپەیوەندیدارەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرچۆنێکیان کردووە سۆراغێکی ئەو منداڵە ونبووانە بکەن... با ئیتر کەم چاوەڕوان بین... وابزانم بیست و حەوت ساڵ چاوەڕوانی بەسە!

## کورد لە میدیای جیهانیدا

# هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژ بە داعش ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە

**Gulfnews:** هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرباری ئەوەی توانیویەتی داعش لە زۆر بەرەوە تێکبشکێنێت، هەروەها ئێستا پارێزگاری لە سنوورێکی بەرفراوان لەو ناوچانە دەکات کە پێشتر بەدەستی سوپای عێراقەوە بوون و کورد بە ناوچەی خۆیان ناویان دەبات. هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەک و تەقەمەنی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە نێویاندا بەریتانیا، ئەمەریکا، فەرەنسا و ئەڵمانیا وەرگرتووە و لە شەڕی دژ بە داعش بەکاریانهێناوە. جگە لەوەش، لە نێوان چوار هەزار تا شەش هەزار خەڵکی عێراق کە زۆربەیان دوای گرتنی مووسل لە لایەن داعشەوە، لەشارەکانی خۆیان هەڵاتوون، لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت بۆ ئەوەی لە پلانی داهاتوو، مووسل لە دەستی داعش پاک بکەنەوە.

## پڕچەککردنی کوردانی عێراق

Crisisgroup: سەرباری نیگەرانیەکانی ڕۆژئاوا، پڕچەک کردنی هێزە کوردییەکان بۆ شەڕی دژ بە داعش ڕەنگە دەرفەتەکانی سەربەخۆیی کوردستان زیادتر بکات. پارتە کوردییەکان هەر لە گەیشتنی داعش زۆر یان کەم زۆر وابەستە بوون بە هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ تورکیا و ئێران. تورکیا توانیویەتی داهاتی سەربەخۆیی فرۆشتنی نەوت بە کورد بدات ئەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی پێویستی پێیەتی، بەڵام ئەنکەرە بە هیچ شێوەیەک نیازی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان پیشان نەداوە، بەڵکو هەموو ئاماژەکانی ئەوەن کە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە... لە ڕاستیدا، پەرەپێدانی هێزێکی کارامەی سوپای کوردی مەرجێکی پێویستە بۆ هەماهەنگی کارا لەگەڵ حکوومەتی بەغدا لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانیدا دژ بە داعش و ئامادەکاری بۆ پلانی سیاسی دوای داعش.



# پرسی پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە

NEWYORKTIMES

پرسی ڕاستەوخۆ پڕچەک کردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لەلایەن ئەمەریکاوە بابەتێکی گەرمە لە نێو ئەمەریکا بەتایبەتی کە ئەم پرسە لە ڕووی سیاسییەوە زۆر تاوتوێ دەکرێت. هەروەها لە سەردانی ئەم دواییەی خۆیدا بۆ ئەمەریکا مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە گەیاندنی چەکەکان قبووڵ بکات بەهەر شێوازێک کە ئیدارەی ئۆباما هەڵیدەبژێرێت. لەکاتێکدا ئەندامانی نوێنەرانی ئەمەریکا سەر بە کۆمارییەکان و هەندێ ئەندامانی نوێنەرانی دیمۆکرات پشتگیرییان لەوە کردووە کە دەبێت ڕاستەوخۆ چەک بە پێشمەرگە و هۆزە سوونەکان بدرێت بۆ ئەوەی لە شەڕی دژ بە داعش کەڵکیان لێ وەربگرن.